کوردستان نێت KURDISTAN NET

# سی و یەکی ئاب

حەمەسەعید حەسەن

* کوردستان پۆست چونکە پێی وایە ژن سووکە، دێت بۆ ئەوەی سووکایەتیی بە مەسعوود بارزانی بکات، سەری وی بە لەشی ژنێکەوە دەلکێنێت.

* کوردستان پۆست چونکە پێی وایە، ژن خاڵی لاوازی هەموو پیاوێکە، دێت بۆ ئەوەی سووکایەتیی بە سەرۆ قادر بکات، پەلاماری دایکی دەدات.

* کوردستان پۆست، چونکە پێی وایە ژن هەوێنی هەموو ڕیسواییەکە، دێت بۆ ئەوەی سووکایەتیی بە پارتی بکات، لەو هەموو پیاوەی نێو ‹پارتی›دا، پەلاماری ژیانی تایبەتیی نەسرین بەرواری دەدات. ئایا ژن، ئیدی هەر ژنێک بێت، مافی ئەوەی نییە، بە پێی حەز و ویستی خۆی، هاوسەری ژیانی دەستنیشان بکات! ئەدی بۆچی زۆر پیاوی کورد لەگەڵ ژنی بێگانەدا ژیان بەسەر دەبەن و هێشتا کەس ئەوەی بە خاڵێکی لاوازی ئەوان لە قەڵەم نەداوە؟

* کوردستان پۆست جاران هەر ئۆرگانی کوردە کۆنەبەعسییەکانی لە بابەتی سەلاح شوان بوو، هەنووکە بووەتە زمانحاڵی عەرەبە کۆنەبەعسییەکانیش، ئەوە نییە نووسینی بەعسیی بەدناو ‹سەمیر عوبەید›یش بڵاو دەکاتەوە! ئایا ئەوە ئەوپەڕی مایەپووچی نییە، بۆ دژایەتیکردنی حیزبێکی کوردی، هانا بۆ قەڵەمی بەعسییەک ببەیت؟ ئەدی ‹٣١ی ئاب›یش هەر کارێکی وەها نەبوو؟ ٣١ی ئاب بۆیە ڕیسواییە، چونکە کورد بۆ لە زەویدانی پشتی کورد، هانای بۆ بەعس برد، ئەوە نییە کوردستان پۆستیش هەمان ڕێگەی پۆخڵ دەگرێتە بەر؟

* بەزەییم بەوانەدا دێتەوە، کە ئاڵای یەکسانیی نێوان نێر و مێیان بڵند کردووەتەوە و نووسین بۆ شوێنێک دەنێرن کە سووکایەتی بە ژن کردن، بە ستراتیژی خۆی دەزانێت.

* جنێودان، ئیدی ڕووی جنێو لە پیاو بێت، یان لە ژن، بەشێکی گرنگی کولتووری باوکسالارییە، بەزەییم بەو ژنانەدا دێتەوە، کە لە سەکۆیەکی جنێوفرۆشی ئەنتیژنەوە، دژی بابسالاری خەبات دەکەن.

* بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە خۆیان بە چەپڕەو دەزانن و لە سەنگەرێکەوە شەڕ دەکەن، کە سەنگەری کۆنەبەعسییان، دوژمنانی ژن و زیندووڕاگرانی کولتووری باوکسالارییە، بێجگە لە ئازادیی شەڕەجوێن، ئەوە چییە چەپڕەوێک و نەتەوەچییەکی بەرچاوتەنگ کە سووک سەرنجی هەموو گەلانی دیکە دەدات، لەسەر هەمان سەکۆ، کۆ دەکاتەوە؟

* پارتی کارێکی باش دەکات کە بایەخ بە قسەی جنێوفرۆشانی کوردستان پۆست نادات و وەڵامیان ناداتەوە، بریا کۆمۆنیستە کرێکارییەکانیش لەو بوارەدا شوێنپێی پارتییەکانیان هەڵدەگرت. لە پاڵتاکدا ژوورێک هەیە، تایبەتە بە شەڕەجوێن، لەو ژوورەدا تەنیا جنێو بەوانە دەدرێت کە حەزیان لە شەڕەجوێنە، وەلێ لە کوردستان پۆستەوە، ئازادیی جنێودان هێندە بێسنوورە، تەنانەت کۆنەبەعسییەکیش مافی ئەوەی هەیە، جنێو بە کارڵ مارکس یان بە مستەفا بارزانی بدات.

* ئیدی ئەوی نووسین بۆ کوردستان پۆست بنێرێت، پێش هەموو شتێک سووکایەتیی بە خۆی دەکات، ئاخر کەسێک ئەگەر تۆزێک ڕێزی خۆی بگرێت و کەمێک سەنگین بێت، بەو مەتەرێزە پۆخڵەوە پێوەست نابێت.

* **کوردستان پۆست،** بە ڕووخساری ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردییەوە، پەڵەیەکە لە شەرم.

2004. 08. 29